ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# یەكگرتنەوە یان دروست بوونی حكومەتی سێیەم

میران شارباژیری

ئەوەی دەبینین لەو رەش بینیەی لەناو زۆریك لە رۆشنبیران و نوسەران وتیگەیشتوانی گەلەكەمان دیارەو دەبیستین لەدوای راگەیاندنی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە وا دەردەكەوێ كە ئەم دوو ئیدارەیە بەنیازی دروستكردنی حكومەتی سێ یەمن لە كوردستاندا لەجیاتی حكومەتی راستەقینەی یەكگرتوو.
یەكگرتنەوەی هەردووئیدارە داوایەكی جەماوەری یە وكەس ناتوانێت لێی راكات. جا بۆ رازی كردن و بێدەنگ كردنی جەماوەر ناچارن حكومەتی سێ یەم دروست بكەن. هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە راستیدا ئەمە بیر و بۆچونیانە كە لەسەری رێكەوتوون، ئەمە حەقیقەتێكە دەبێ جەماوەر باش لێی تێبگات چونكە دەزانین ئەمە دابەشكردنی دەسەڵاتە لە بەینی ئەم دووهێزەدا سەرۆكی كۆمار بۆ من سەرۆكی هەریم بۆ تۆ ئەم وەزیرە بۆ من ئەو وەزیرەش بۆ تۆ 11 وەزیر بۆ من 11 وەزیر بۆ تۆ ئەمە هەر 50 بە50 كەی جارانە بەشێوەی تازە دابەش كراوە. ئێمە لەم دوو ئیدارەیە هەر هاوارمان بوو كە ببنەوا بەیەك بەڵام بونەوەیەكی تەواو كە لەو 50 بە50 رزگارمان كات وە خەلكی بێلایەن ولایەنی سیاسی تر بەشێوەیەكی بەرچاو لەو پەرلەمان وحكومەتەدا هەبن بۆئەوەی تەوازنی ئەو دووهێزە بگۆرێت، بەڵام بەداخەوە وانەبوو.
ئەوەی لە هەمووی سەیرتر وەزیری لیستی سەوز تەنها لە ئیدارەی یەكیەتی باڵادەستە وە وەزیری لیستی زەرد تەنها لە ئیدارەی پارتی باڵادەستە . كەواتە ئەم دووئیدارەیە هەر دەمێنیت. ئەی ئەو حكومەتە تازەیە چی یە؟ دەبێت حكومەتی سێیەم دروست ببێت بۆ پركردنەوەی ئەو بۆشاییە.

هۆكارەكانی دروست بوونی حكومەتی سێیەم

1. نەبونی متمانە لەبەینی هەردوو پارتا
2.تەنازول نەكردن بۆ یەكتر لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلەكەماندا.
3.بوونی هێزی پێشمەرگەی دوو لایەن كە تێكەڵبونیان زۆر مەحاڵە.
4. تەوازنی هەردوو پارت لە زۆربەی لایەنەوە بۆتە یەكێك لە گروفتە هەرە گەورەكان.
5. نەبوونی هێزیكی گەورە ی بەرهەڵست كار واتە معارەزە كە بتوانێت زەخت لەو دوو لایەنە بكات.
6. نەبوونی چەمكی دیموكراسی، پیادەكردنی لە ئاستەكانی دەسەڵاتدا.
7. مەجال نەدان بەكەسانی بێلایەنی لێهاتوو لەو پۆستە گرنگانەدا
8. مەجال نەدان بەهێزە كارامەكانی تر لەسەر ساحەی سیاسی كوردستان.

ئەمانەو چەندین هۆكاری تر بۆتە نارەزایی رۆشنبیران و نوسەرانی گەلەكەمان.
جا بۆیە دەبێت گەلی كوردستان بە وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بكەن داوای پەرلەمانیكی راستەقینە بكەن كە بتوانیت دەست بخاتە سەر برینەكان، ئاوێنەیەكی راستەقینەی جەماوەر بێت و بزانێت جەماوەر چی داوا دەكات. هەر وەك لەم چەند شەوەی پێشودا لە كەنالی كورد سات كاك رێبین هەردی زۆر راشكاوانە دەستی خستە سەر كۆمەڵیك گرفتی زۆر گرنگ كە پێویستە بەدوای چارەسەردا بگەرێین، بۆ ئەو گرفتانە. هەر بۆیە من لێرەوە ئەمانە دەخەمە بەر دەم جەماوەری كوردستان، هەتا پاش دروست بوونی ئەم حكومەتە تازەیە، نەكەوینە گرفتێكەوە كە بەزەرەری گەلەكەمان خوانەخواستە كۆتایی پێ بێت.